Kurdistan Net
Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris Aziz, OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.01.29 15:30:29 +01'00'

# شانۆکارانی عێراق و علووجه کانی سەحاف له ئه ڵمانیا*

## - ئەنوەر قادر رەشید -

لە رۆژانی 19 بۆ 26 ی تشرینی یەکەمی 2003 فیستیڤاڵێکی شانۆیی لە شاری( **میولهایم ئەن دێر روەر) Mülheim an der Ruhr** سازکرا کە تایبەتە بۆ تیپە عەرەبیەکانی سەر بە وەزارەتەکانیی رۆشنبیری و ئێران ، دیارە جێی ئۆپەزیسیۆنی تیادا نابێتەوە.

هەموو ساڵێک لەلایەن **رۆبێرتۆ جیولی ( Roberto Ciulli) ی** سەرپەرشتیاری فیستیڤاڵەکەوەتیپێکی علووجی سەدامی بانگهێش کراوەو، رێگا نەدراوە لەکاتی گفتوگۆشدا کەس رەخنە لەو رژێمە خوێناویە بگرێ.

بەڵام ئەمساڵ سەرۆکەکەیان لەگەڵ جرجدا تەراتێن دەکا و، ناچار بوون هونەرمەندانی نەدۆڕاو بانگهێش بکەن. لەناو ئەوانیشدا سێ هونەرمەندی کوردیان تیا بوو (نووسەری بەناوبانگ محێدین زەنگەنە و هونەرمەند ئەحمەد سالار و هونەرمەند گەزیزە عومەر)، بێجگە لە هەندێ لە هونەرمەندانی عەرەب وەک (جەعفەر ئەلسەعدی و عەزیز خەیون و هونەرمەندی بەرەچەڵەک کورد خەلیل شەوقی و....هتد).

هاتنی ئەو هونەرمەندانە بە هەموو پێوەرێک کارێکی چاک بوو، بەلایەنی کەمەوە چەند شانۆیەکی عەرەبی و بیانیان بینی، گەرچی ئەوەندەش سەرکەوتوو نەبوون و بەرای خودی هونەرمەندان رادەی هونەریان نزم بوون، دیارە هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ باگهێشکردنی هونەرمەندانی سەر بە رژێمەکان.

تا ئێرە مەسەلەکە ئاساییە، بەڵام ئەوەی ئاسایی نییە ئەوەیە هەر یەکێ لە هونەرمەندان (ئەحمەد سالار و گەزیزە) دوو دەعوەت نامەیان ئاراستەی تیپی] (Theater an der Ruhr) کە رۆبێرتۆ جیولی سەرپەرشتی دەکات] کردبوو بۆ سەردانی هەردوو هەرێمی سلێمانی و هەولێر، بێ ئەوەی بزانن جیولی کێیە و بێ ئەوەی پرسێک بەو کوردانەی هەندەران بکەن و بزانن ئایا ئەو تیپە شایستەی ئەوەن پارەی کوردستانیان بۆ سەرف بکرێ ؟؟.

رۆبێرتۆ جیولی بە رەگەز ئیتالیە و وەک عەشیرەتیش خەڵکی عۆجە نییە، بەڵام لە **عبد الباری عطوان** زیاتر بەرگری لە رژێمەکەی بەعسی رووخاو کردوە و ئێستاش وا دەزانێ دوای ئەو رژێمە بۆگەنە عێراق نەماوە و هونەر و روشنبیری دوای نەخوێندەوارەکانی بەعس ناکەوێتەوە سەرپێ، لێرەدا دەمەوێ هەندێ لایەنی کاراکتەری جیولی (لەروانگەی وتەکانی خۆیەوە) بخەینە روو.

ساڵەهای ساڵە ئەو گرووپە فیستیڤاڵ چێدەکەن و تا ئەمساڵ بیریان نەکەوتۆتەوە کورد بانگهێش بکەن و ئەمساڵیش، وەک عێراقی بانگهێش کراون نەک کورد.

ساڵێک پێش رووخاندنی رژێمە خوێناویەکەی صەدام، جیولی و تیپەکەی سەردانی پایتەختی بەعسیان کردووە و زۆر بە شانازیەوە باسی ئەوە دەکات، بە وەزیری رۆشنبیری (یوسف حومادی) وتووە، جەنابی وەزیر لەوەدەچێ هونەرمەندان زۆر لێتان بترسن(نوقتە، سەری دێڕ). لەلایەکی ترەوە باسی خۆرووتکردنەوەی ماریا نۆیمان دەکا لەسەر شانۆ، چۆن (ئەلدولەیمی) کە موخابەراتە و لە وەزارەتەوە تەرخان کراوە بۆ چاودێری کردنی ئەو گرووپە، فەرموویەتی ئەم خۆ رووتکردنەوەیە بۆمبایەک بوو لە رۆشنبیری عێراقیدا تەقانتانەوە(ئاوا).

پێنج رۆژ پێش دارمانی پەیکەرەکەی صەدامی خوێنرێژ(لە 4ی نیسانی 2003) وتووێژێکی لەگەڵ رۆژنامەی فرایتاگ Freitag دا کردوەو بە ئاشکرا بەرگری لەو رژێمە خوێناویە دەکا و دەڵێ ئێمە کەمتەرخەمیمان کردوە کە دووملیۆن کەسمان نەبرد بۆ عێراق و بەرگریمان لە ماف و ژیانی ئەو خەڵکە نەکرد.

دەڵێ : عێراق سیمبۆلی جیهانی عەرەبیە و عێراق خاوەنی گەورەترین کتێبخانەیە و عێراق ناوەندی رۆشنبیریە و هەموو عەرەب بە دنیاوە دەبەستێتەوە(دیقەتی ئەو ژەهرە بدەن چۆن رژێم دەبەستێتەوە بە کولتوور و مافی مرۆڤەوە).
هەروەها دەڵێ : سەیرکەن ئەوانەی که دەیانەوێ لەپاڵ عێراقدا بجەنگن چۆن رۆژ لەدوای رۆژ لە زیاد بووندان ، چونکە سەدام تەنیا کەسە که بوێرانە ئیسرائیلی بۆردومان کردووە.
پاشان هێرشێکی بازارِیانە دەکاتە سەر سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکان و باوکی و، بە نەخۆشی دەروونی و بەدمەست و چەتە ناویان دەبا و، هێرش کردنە سەر عێراق دەگێڕێتەوە بۆ هەڵمەتی خاچ دژی ئیسلام.
هەر لەو رۆژنامەیەدا قسەی وا دەکا کە رووی مەجلیسیان نییە و مەگەر هەر لە یەکێکی وەک جیولی بوەشێتەوە.بەهەرحاڵ ئەوەندە بەسە بۆ ناسینی جیولی و بە پێویستی نازانم هەموو راو بۆچوونەکانی دەستنیشان بکەم و کاتی ئێوەشی پێ بکوژم، لە راستیدا زۆر زیاتر هەیە لەسەر ئەو کەسە بوترێ، ئامادەم لە فرسەتێکی تردا ،بەبەڵگەی زیاترەوە، بگەڕێمەوە سەر ئەو باسە.
رۆژی یەکشەممەش کە تەرخان کرابوو بۆ گفتوگۆ لەسەر شانۆی عێراقی (بەداخەوە ئەو رۆژە مامۆستا ئەحمەدسالار ئامادە نەبوو، هەرچەندە مامۆستا محیەدین زەنگەنە تکای ئامادەبوونی کردبوو بەو نیازەی لە دانیشتنەکاندا باسی شانۆی کوردیش بکرێ) . لەو دانیشتنانەدا داوا لە هونەرمەندانی عێراقی کرا کە داواکاریەکانی خۆیان بخەنە روو، ئەوانیش مانیڤێستایەکیان ئامادە کردبوو، هەموو گیروگرفت و رێی چارەسەری کۆسپەکانیان دەستنیشان کردبوو. بەڵام جیولی زۆر بێ ئەدەبانە باسی لەوەکرد گوایە ئێستا شتێک نییە ناوی عێراق یان شانۆی عێراقی بێت (دیارە مەبەستی دوای دەسەڵاتی رژێمی نەخوێندەواران بوو) پاشان هێنایەوە سەر ئەو پارەیەی ئەڵمانیا لە مەدرید بۆ عێراقی تەرخان کردووە و بەشێوەیەکی زۆر ناشیرین وەڵامی ئەوانەی دایەوە کە پارەکەیان بە کەم زانیوە(هەرچەندە جیولی خۆیشی لە بنەرەتدا ئیتالیە نەک ئەڵمان) ئەوەندەی باسی پارەو یارمەتی کرد تا هونەرمەند خەلیل شەوقی لێی هاتە جواب و وتی: ئێمە هونەرمەندین و هاتووین بۆ گفت و گۆی هونەری و ئەگەر بمانزانیایە باس باسی پارەیە، ژمێریارمان دەنارد و هونەرمەندان نەدەهاتین.
لەراستیدا باسی جیولی و تیپەکەی زۆر درێژە دەکێشێ و ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە پارەی کوردستانە کەبۆ خەڵکێکی سەرف دەکەن ئەگەر دوژمنی کوردیش نەبن ئەوە بەدڵنیاییەوە دۆستی نین. ئایا نەدەکرا لەجیاتی کەسێکی وا دۆستێکی دێرینی کوردی وەک (داریۆفۆ) ی هەڵگری خەڵاتی نۆبڵ، یان دەیان شانۆکاری بەناوبانگ و دۆستانی نەتەوەکەمان بانگهێشی کوردستان بکرێن؟.
هەر لێرەدا دەمەوێ رووی دەمم بکەمە هونەرمەندی گەورەی نەتەوەکەمان (ئەحمەد سالار) و دڵنیای بکەم لەوەی ئەگەر لە جیولی هونەرمەندتر نەبێت ئەوە لە هیچ حاڵەتێکدا لەو کەمتر نییە و ئومێدەوارم خۆ بەکەمزانینی سیاسەتمەداران نەبێتە پەتا و هونەرمەندانیش بگرێتەوە.
بۆیە رووی ناز دەکەمە هەموو دڵسۆزانی نەتەوەکەمان کە لەمەو دوا هەنگاوێکی وا دەنرێ و لایەنێک بانگهێش دەکرێتە کوردیستان، بەرلەوە بزانرێ کێن و ، کورد چۆن دەناسن و هەر بەو پێوەرەش رێزیان لێ بگیرێ.
ئەم نووسینەشم بەو نیازە نووسیوە کە گەلەکەمان بزانن چ کەڵەپیاوێک بانگهێش کراوەو، هەموانیش دەزانن کە کورد گرفتاری هەلپەرستانە و، پێویستی نییە لەلیستی مەزنی هەلپەرستان ناوێکی تریش زیاد بکا.

<u>**تێبینی**</u>:
ماوەیەکی کەم نییە کە ئەم بابەتە و بابەتێکی تریشم بۆ رۆژنامەی هاولاتی ناردووە و ئاگاداریشم کردون

که ئەگەر لەگەڵ خواستیاندا یەک ناگرێتەوە، لەبڵاونەکردنەوەی ئاگادارم بکەنەوە بەو نیازەی لە چێیەکی دی بڵاویان بکەمەوە، بەڵام بەداخەوە وەک نەریتێکی رۆژنامەگەری کوردی، هەقیان بەخۆیاندا، مەسەلەکە بکەن بەقوربانی رووداوەکانی خۆسووتاندن و تەڵاق و رووخانی دیوارێک و گیرانی زێرابێک.. هەرچەندە من نامەوێ لەو مەسەلانە کەم بکەمەوە و، ناشمەوێ هەقی بڵاوکردنەوەو بڵاونەکردنەوەی بابەتێک لە بەرپرسیارانی رۆژنامەکە زەوت بکەم، بەڵام وەک رەوشتێکی شارستانی دەبوو وەڵامێک بدەنەوە، بەهەرحاڵ ئەو مەسەلەیە هیچ لە رێزم کەم ناکاتەوە بۆ رۆژنامەکەو، ئومێدەوارم هەندێ کراوەتر مامەڵە لەگەڵ بابەتی خەڵکی بکەن و رێز لە ماندوبوونی نووسەران بکەن.

**-ئەڵمانیا-**

anwar@anwarkadir.de